شەیتان دەڵێ هەستە (.......)

**

دەگێڕنەوە دەڵێن ،شوانێك لە چیای لەبەر مەڕی نانەبەرەکەی لە نێودەوەنێکیدا دەشارێتەوە،بە ڕێکەوت لە لەوەڕێدا نانەبەرەکەی بەر زاری بزنێکی دەکەوێت، بزنەکەش بە ددانان دەیگرێت و ئەوەندەی بەملاولایاندا دەدات تاکو گرێیەکەی دەکاتەوەو بەر دەبێتە خواردنی نانەکەی، لەو دەمەشدا شوانەکەش بەویدا دێت،دەبینێ ئەوە بزنێك لە زگ نانەکەیەو خەریکی خواردنیەتی . شوانەکە زۆر تووڕە دەبێ و بە هەموو هێزی خۆیەوە گۆچانێکی تێدەگرێت و لە بنڕا ڕانێکی بزنەکەی دەشکێنێت.

ئێواریَ کە مالات بەرەو ماڵ دەبنەوە، شوانەکە بەسەرهاتەکەی بۆ خاوەنی بزنەکەی دەگێڕێتەوە، کابانی ماڵێش دەچێتە سەر بزنەکەی و بە پەرۆشەوە بە بزنەکەی دەڵێت : (ئەگەر نانخوریَ بنی ڕانی چت داوە لە نانی شوانی) .

جا ئەگەر پیرەژنە مەنگوڕیش بنی ڕانی نەخورابێ !! چی لە عەلی بەردەشانی ڕێرەوی داوەو پەلاماری دەدات و دەڵێت:

(ئەوەیە عەلی بەردەشانی کوێرە مووشەی چاو سەیانی )

کاك برایمی ئەحمەدی برایمی لە ڕۆژێکی بەهاریدا بە گردەکەی پیرۆتە سووری مەرگەیەوە بەرابەری ماڵەکانی بنگردی دانیشتبوو،کۆمەڵێکی گەنج لەدەورە گردبیوونەوە، قتووە تەنەکە جگەرەکەی هەڵپچڕی و بە چەرخە قەیتانیەکەی ئاگری تێبەرداو، نەفەسە دوکەڵێکی قوڵی هەڵمژی و زەردە خەندەیەکی بۆکردو گوتی : عەلی بەردەشانی ناوبانگی وەستا سەید ئەحمەدی چەخماخسازی بانی بیستبوو، هەڵدەستیَ دەچێتە پشدەریَو لەوێشەوە دەیەوێت بچێتە بانیَ بۆکن وەستا سەید ئەحمەدی تاکو تفەنگێکی بۆ دروست بکات .لە ڕێگایەدا لە مەنگوڕایەتی تووشی کۆمەڵێك ژن دەبێت، لە ژنەکان یەکێك دەیناسێت دەڵیَ: ئەوە علی بەردەشانیە. لەناو ژنەکاندا ژنێکی بە تەمەن کەدەستی شاعیری دەبێت بە علی دەڵێت :

ئەتۆی عەلی بەردەشانی
کوێرە مووشەی چاو سەیانی

علی لەخودای دەویَ کە شتێکی وەهای بۆ ڕێبکەوێت و هۆی چاو کزیەکەی بداتە پاڵ پیرێژنە مەنگوڕان و دەست بەجێ ئەم شیعرەی بۆ ژنە مەنگوڕەکان دەڵیَو دەیکەنە پێکەنین، ئەمەش شیعرەکەیە کە هەندێکی لە کاك ڕەسولی حەمە مستەقای بەردەشانی و هێندێکیشی لە کەشکۆڵەکەی کاك هەژار وەرگیراوە.

دەڵێم عەلی لە تالانیَ بەردەشانێدا هەر بەم شیعرەی هۆی چاوکزیەکەی بۆ سەمەد بەگی فەرمانداری بابانەکان ڕوونکردۆتەوە.

سالێکی بووە قڕان قڕان
ژنێکم هێنا لە مەنگوڕان
داکیَ حەوت کچ و حەوت کوڕان
لە دەربەندو لە نێو مڕان
مێوژو هەنجیرم بۆ هێنان
کردەی منو بردەی ئەوان
هەر هێنام و گوتیان بڕان
هێندم (.....) ژنی مەنگوڕان
هەردوو چاوم داپچکڕان

# حەمەی عەزیز ڕاوچی
# کۆنترین فەرمانبەری دادگای بەرایی ڕانیە بوو


شەوی (١١/١٠ -١١-٢٠٠٣) لەگەرەکی ڕەشەمێرگ، حاجی محەمەد عەزیز خضر ،ناسراو بە حەمەی عەزیز ڕاوچی لە تەمەنی (٨٢) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. خوا لێخۆشبوو، کە ساڵی ١٩٢١ لە گوندلای سەرگەپکان لە دایك بووەو،تا پۆلی یەکەمی ناوەندی خوێندووە،کۆنترین فەرمانبەری دادگای بەرایی ڕانیە بووکە هەر لە سەرەتای هاتنی دادگادا بۆ ڕانیە وەك فەرمانبەرێك لەو دادگایەدا دامەزراوە. ئەم کورتە دیدارەی خوارەوە بە چەند هەفتەیەك بەر لە مردنی سازکراوە،کە تێیدا ناوبراو بە وردی تیشك دەخاتە سەر مێژووی دامەزراندنی دادگا لە ڕانیەدا..

پ/ بەر لەوەی دادگای ڕانیە دابمەزرێت، هاوڵاتیانی ئەم ناوچەیە ئەگەر شکایەت، کێشەو سکالایەکیان هەبوایە پەنایان بۆ کویَ دەبرد؟

و/ بەر لە دامەزراندنی دادگا لە ڕانیە،هاوڵاتیان لە کاتی هاتنە پێشی کێشەو گرفتدا پەنایان بۆ دیوەخانی ئاغاکان دەبرد،ئەوانیش بە شێوەی عەشایەری بۆیان چارەسەر دەکردن،بەتایبەتی دیوەخانی مامەندئاغاو بایزئاغا، کە ئاڵۆزترینی کێشەو گرفتەکانی تێدا چارەسەر دەکرا.

پ/لەچ ساڵێکدا دادگا لە ڕانیە دامەزراو ، یەکەم دادوەری ئەم دادگایی کێ بوو ؟؟

و/لە ساڵی ١٩٦٤ دا بە ڕەسمی دادگا لە ڕانیە دانراو ،یەکەم دادوەریش کە لەو دادگایەدا دامەزرا،خوالێخۆشبوو حاکم مەجید بەهائەدین زاخۆیی بوو،دوای ڕۆیشتنی ئەویش، خوالێخۆشبوو حاکم جەمال مشوەش جێگاکەی گرتەوە.



پ/پارێزەرە ناودارەکانی ئەوسای ڕانیە کیَ بوون ؟

و/ حەسەن سمایل ئاغاو حەسەن کانەبی، دوو پارێزەری خۆشەویست و ناسراوبوون لای خەڵکی،کە لەو دادگایەدا کاریان دەکرد .

پ/هاوڵاتیان تا چەند سەردانی دادگایان دەکردو،زۆرترین کێشەو گرفتی ئەوسای خەڵکی ڕانیە کامانەبوون ؟

و/ڕۆژانە خەڵکانێکی زۆر هاتوچۆی دادگایان دەکرد بۆ ڕاییکردنی کارەکانیان و ، زۆربەی ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی دادگا دەکرانەوە ،بریتی بوون لەو گرفتانەی کە لە دەرەنجامی ژن بەژن و گەورە بە بچووکەوە دروست ببوون،کە لەو سەردەمەدا زۆر باوبوون.

پ/تۆ کەی و چۆن لە دادگای ڕانیە دامەزرای؟

و/هەر لەگەڵ دامەزراندنی ئەو دادگایەدا، من یەکەم کەس بووم کە وەك فەرمانبەر بە مانگانەی (١٠) دینار دامەزرام.

ئەو کاتە ڕۆژانە نزیکەی (٨) کاتژمێر لەو دادگایەدا دەوامم هەبوو،تا لە ڕێکەوتی ١٩٨٤/٧/١٦ دا دوای بیست ساڵ خزمەت ، خانەنشین کراك.

تێبینی:

بینایەی دادگای ڕانیە، کەوتبووە بانقی ڕەشیدی ئێستا.